# چەند دێڕێ بۆ 30 ساڵ زیندانی دکتور کەمال

**چرۆ زەند**
Zandchro@hotmail.com

**لە کۆتایی مانگی دوانزەی ساڵی 2005 بڕیاری زیندانی کردنی دکتور کەمال سەید قادر درا بۆ 30 ساڵ بە تاوانی تەشهیر لە دادگای هەولێر بەبێ دادگایکردنێکی دادپەروەرانە. لە پاش زیندانیەکی نهێنی و چەواشکردنی ڕووداوەکە.**
**چەندە ستەمە ئەم بڕیارە! چەندە پەژارەی خستە دڵی زۆرینەی کورد تەنانەت ئەوانەی کە هەرگیز دکتور کەمالیان نەدیوەو نەناسیوە کە من یەکێم لەوان. چەندە ترسناکە ئەم بڕیارە!**
**هێندە ترسناکە بڕیاری لە ناو بردنی زواکانی دیکتاتۆر سەدام سەرۆکی پێشوی عێراقی هێنایەوە یادم کە لە بەغدا لە پێش چاوی خەڵك بەفرۆکە کۆنترۆلی گرتن و کوشتنیان کرا لەماڵی خۆیاندا. پارتی بەعسی فاشست دوو پەیامی تۆقاندنی پێبوو. یەکەم پیسشاندانی زلهێزی خۆیان بێ سڵکردنەوە لە گەل. دووەم، ئەوە چارەنووسی هەموو مرۆڤێکە کە لێیان یاخی دەبێ. زاواکانی مێژویەکی ناپاکیو مرۆڤ کوژیان بوو، کەچی لەو ڕۆژەدا چەندە فرمێسکیان بۆ هەڵرژا وەك پەپوولەی بەهەشت بووبن. پاشان بون بە شەهید. چونکە بڕیاری کوشتنیان بە دەستی دکتاتۆرێکی بێ وێنە درا.**
**بڕیاری سی ساڵ زیندانی کردنی دکتور کەمال هەندێ ترسناك ترە. چونکە لە پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوو، چونکە لە پێشوازی لە ساڵێکی نوێدا بوو، چونکە لەدوای دەنگدان بوو بە لیستی کوردستانی 730. وەڵامدانەوەی دوو پارتە زلهێزەکەی کورد بۆ گەلێکی بەخشندە بەم شێوازەیە: یەکەم، زیندانی کردنی نووسەر لە هەولێر. دووەم، زیادکردنی نرخی سووتەمەنی لە سلێمانی.**
**وەك تاکێکی کۆمەڵەکەم وەك ئافرەتێك کە داوای ئازادی دەکەم، دەنگی نارەزایی خۆم دەخەمە پاڵ گشت ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و کەسانێ کە دژی ئەم بڕیارەن. تکا لە بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم ئەگەر بڕیاری 30 ساڵ زیندانی کردنی دکتور کەمال ڕاستە و بڕیاری لەسەر دراوە، ئەنجام نەدرێ، هەڵوەشێتەوەو ئازادی بدەن بە دکتور کەمال.**

12/22/2005
Toronto, Canada